


NED

DENG

یەکەی چاودێری
حکومەتی خۆجێی گەرمیان

راپۆرتێک لەبارەی:

# کێشەکانی پەیوەست بە سامانی ئاژەڵ لە گەرمیان

کانونی دووەمی 2024

# بەشی یەکەم: کێشەکانی پەیوەست بە سامانی ئاژەڵ لە گەرمیان

## یەکەم: مەڕومالآت

مەڕومالآت لە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی سامانی ئاژەڵە لە گەرمیان، ژمارەیەکی زۆریان لە گەرمیان بەخێوەدەکرێن. بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان لە سنورەکەدا ڕێژەی مەڕومالآت «مەڕ و بزن» و ڕەشەوڵاخ «گا و مانگا و گامێش» بەمشێوەیەیە:

| مەڕومالآت | ڕەشەوڵاخ |
|---|---|
| ٦٠٠ هەزار | ١٠ هەزار |

بەوتەی: بەختیار ئەحمەد، بەڕێوبەری بەشی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان، هیچ پرۆژەیەکی ئاژەڵی گۆشت لە سنوری گەرمیان کە مۆڵەتدار بێت، بونی نییە، ئەوەی کە هەیە هاوڵاتیان خۆیان بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە ئاژەڵ بەخێودەکەن و دواتر دەیفرۆشنەوە.
خاوەن ئاژەڵەکان باس لەوەدەکەن چەندین کێشەیان ڕوبەڕودەبێتەوە، کە لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین.

## ١. کێشەکانی لایەنی دروستیی ئاژەڵ «ڤێتەرنەریی»

«وەک ڤێتەرنەری شتێکیان بۆ نەکردوین شایەنی باسکردن بێت، ئەوەی کردویانە ساڵی جارێک یان ٢ ساڵ جارێک دێن کوتانێک دەکەن، ئەمەش سودی ئەوتۆی نەبوە». بەختیار حەمەخان، خاوەنی ئاژەڵ لە گوندی توکن لە گەرمیان وا دەڵێت.
باسی لەوەشکرد: هەندێک دەرمان هەیە نرخیان گرانە، ئەگەر بۆمانی دابین بکەن کارئاسانیە، وەک: (دەرمانی سی و جگەر، حەپی زەرد، دەرزی مافەتە، تاعون و دانکە) کە هەمو ئەمانە بۆ خۆمان لە بازاڕدا ئەیانکڕین و ئەرکی زۆری خستوەتە سەرمان، بەجۆرێک ساڵانە نزیکەی ٢ ملیۆن دینار دەدەم بە دەرمان، لە کاتێکدا تەنها نزیکەی ٢٠٠ سەر حەیوانم هەیە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: چەند ڕۆژێک پێش ئێستا حەیوانەکانم دەرمان کردوە ١١٠ هەزارم داوە بە دەرمان، بۆ نمونە ئەگەر ٢ جار دەرمانیان بکەم ٣٥٠ هەزارم لەسەر دەکەوێت.
لە هەمان کاتدا، ئەحمەد عەبدولڕەحمان، خاوەنی ئاژەڵ لە گوندی بەرلوت، هێمای بۆ ئەوەکرد: وەک ڤێتەرنەری گەرمیان لە ساڵانی ڕابردو دەرمانیان ئەدا بۆ شۆردنەوەی حەیوانەکان لەگەڵ دەرزی بۆ نەخۆشی تاعون، ئەمەش بە مەرجێک دەرزییەکانیان دەکرد کەژمارەیان دەدا لە گوێی ئاژەڵەکان.
وتیشی: ئێستا ئەرکەکە هەموی لەسەر خاوەن ئاژەڵە، بەجۆرێک نزیکەی ١٥٠ سەر حەیوانم هەیە بای ٣٠٠ هەزار دەرزی نەخۆشی شەلکەم بۆ کڕیون، ئەگەر حکومەت ئەمانەم بۆ دابین بکات ئەو لۆدە زۆرەم لەسەر نامێنێت.
هاوکات، ستار حسێن، خاوەنی ئاژەڵ لە گوندی عەلی پەکان لە گەرمیان، دەڵێت: وەک ڤێتەرنەری ئەمساڵ تەنها ٤ لیتر دەرمانی شۆردنەوەی حەیوانمان پێدراوە، ساڵی ڕابردوش دەرزی نەخۆشی دانکە و شەلکەمان پێدراوە، لەوە بترازێت هیچ دەرمان و پێداویستیەکمان پێنەدراوە.
باسی لەوەشکرد: بۆ هەر وەجبەیەک دەرمان کە دەیکڕم بۆ حەیوانەکانم، ساڵانە بەپێی جۆری دەرزییەکان دەگۆڕێت، وەجبەی وا هەیە بە ١٥٠ هەزار یان ٢٠٠ هەزار و ٣٠٠ هەزار ئەیکڕم، ئەمەش ئەرکە لەسەر شانی ئێمە، لەگەڵ ئەوەشدا دەرمان زۆر گرانە بەهۆی بەرزی دۆلارەوە.
لە بەرامبەردا، ئارام ئەحمەد سەمین، لێپرسراوی هۆبەی تەندروستی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان، وتی: خاوەن ئاژەڵەکان بەگوێرەی توانای حکومەت هەندێک شتمان بۆ دابین کردون، بۆ نمونە وەک کوتانی دەمەزامە و تەبەق، لەگەڵ ششتنەوەی ئاژەڵەکان و دەرمانڕێژکردنی «ڕەشکردنی» خانی ئاژەڵەکان، ئەمەش بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تای خوێنبەربون کە پار ساڵ ئەنجاممان داوە.
دەشڵێت: ساڵانەش دەبێت سێ پێکوتە «ڤاکسین= لقاح»ی سەرەکیمان هەبێت بە بەردەوامیی، ئەوانیش: (تەبەق «شەلکە«، دانکە و دەمەزام)ـەن، ئەمانە بەردەوام هەمانە، بەڵام لە ئێستادا لە چاو ساڵانی ڕابردو ڕێژەکەی کەمبوەتەوە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە بەشەکانمان لە ناحیەکان بەبەردەوامی نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت بۆ ئاژەڵەکان، ئەگەرچی خاوەنەکانیان خۆیان پێداویستی نەشتەرگەرییەکان لە دەرەوە دەکڕن، لەبەرامبەر هەر نەشتەرگەرییەکیش هیچ بڕە پارەیەکمان وەرنەگرتوە.
بەپێی وتەی لێپرسراوی هۆبەی تەندروستی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان، لە بەشە نەسرییەی بەڕێوبەرایەتیەکەیان، بڕێکی تەرخان دەکرێت بۆ کڕینی هەندێک دەرمان و پێداویستی مانگانە، بەڵام وەکپێویست نیە و بۆ حاڵەتی زۆر پێویست بەکار دەهێنرێت.

## ٢. نەبونی کۆمەک و هاوکاریی لەلایەن حکومەتەوە

خـاوەن ئاژەڵەکانـی گەرمیان جەخـت لەوەدەکەنەوە سـەرباری ئەوەی هەر یەکەیان و ڕێژەیەک مەڕومالاتیان هەیە، بەڵام حکومەت خزمەتگوزاری پێویستی پێشکەش نەکردون.
بەختیـار حەمەخان، خاوەنی ئاژەڵ لە گوندی توکن لە گەرمیان، دەڵێـت: نزیکـەی ٢٠٠ سـەر حەیوانم هەیە و چەندین سـاڵە بەم کارەوە خەریکـم، حکومەتیـش هیچ گرنگیەک بەم بـوارە نادات، هیـچ هاوکارییەکمـان ناکـەن، بەجۆرێـک بۆ ماوەی ٣ ساڵیشـە تەنها ئەمسـاڵ ٤ لیتر ئەسپەنەکی پێداوین کە حەیوانەکانمان پێ شۆردوە.
وتیشی: لە ماوەی چەند ساڵی رابردو هەر حەیوانێک ٧ کیلۆ جۆی پێ ئەدرا ئەویش بە پارەیەک بو لەگەڵ بازاڕ هێندەی جیاواز نەبو بۆ هەر تەنێک ٢٠ هەزار جیاوازی هەبوە، بۆیە حکومەت هاوکاری نیە لە ئێستادا، بەتایبەت بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان.
هاوکات، ئەحمەد عەبدولڕەحمان، خاوەنی ئاژەڵ لە گوندی بەرلوت، هێمـای بۆ ئەوەکرد: نزیکەی ١٥٠ سـەر حەیوانم هەیە و چەندین ساڵە بەم کارەوە خەریکم، حکومەتیش گرنگیەکی ئەوتۆی نەداوە بە سامانی ئاژەڵ و ئەوەی هەیە خۆمان بەخێوی دەکەین.
وتیشی: لە ئێستادا هیچ خزمەتگوزارییەک بۆ خاوەن ئاژەڵ نیە و ئەوەی هەیە لەسەر داهاتی خۆی بەخێوی دەکات، ئەمەش وایکرد ڕێژەیەکی زۆری خەڵک ناچاربون حەیوانەکانیان بفرۆشن.
سـتار حسـێن، خاوەنـی ئـاژەڵ لـە گونـدی عەلـی پـەکان لە گەرمیان، دەڵێت: لە سـاڵی ٢٠٠٠ەکانەوە تاوەکو ئێستا حکومەت خزمەتگوزاری ئەوتـۆی نەبوە بۆ خاوەن ئاژەڵەکان، ئەوەی هەیە لـە ماوەی ٦ سـاڵی رابردو بە تەن جۆیان ئـەدا بۆ نمونە ئەگەر ٣٠٠ سـەر حەیوان بێت ئەوە ٢ تەنێکی بەردەکەوت، بەڵام ئێسـتا ئەوەش نەماوە.
وتیشی: ٣٠٠ سەر ئاژەڵم هەیە، حکومەت هیچ خزمەتگوزارییەکی نەمـاوە، بەتایبـەت لـەم ٢ سـاڵەی وشکەسـاڵی کە هیـچ نەکرا بۆمان، ئەوەی هەبوە خاوەن مەڕومالات خۆی لەسەر ئەرکی خۆی بەخێوی دەکات.
حەسـەن عەلـی، بزگێری ڕەشـەوڵاخە لە گەرمیـان، وتی: ڕۆژانە کاری کڕین و فرۆشتنی گوێرەکە و مانگا دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا دابەستەم هەیە کە دوای چەند مانگێک لە بازاڕدا ساغی دەکەمەوە، دیارییکراویش نیە کە چەند دابەسـتە ئەکەین، چونکە هەندێکجار بەپێی شوێنە، هی وا هەیە ٥٠ دانە دابەستە ئەکات هی واش هەیە ٣٠ یان ١٠٠ یان ١٥٠ دابەستە ئەکەن.
باسی لەوەشکرد: لە ئێستادا ئیشەکەمان ئەرکی زۆرە و هاوکاریش نیە لەلایەن حکومەتەوە، بەجۆرێک زۆرجار توشی زیان ئەبین.
بەڕێوبەری بەشی سامانی ئاژەڵیش هەمان رای خاوەن ئاژەڵەکانی هەیە و دەڵێت: بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەمانتوانیوە هاوکارییان بکەین.
بەختیار ئەحمەد، بەڕێوبەری بەشی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی گشـتی کشـتوکاڵی گەرمیان، وتی: لەگەڵ سـەرهەڵدانی قەیرانی داراییـ، نەمانتوانیـوە خزمەتگـوزاری پێویسـت پێشـکەش بـە خاوەن ئاژەڵەکان بکەین، لە کاتێکدا پێشـتر بودجەی پاڵپشـتی کشـتوکاڵیمان هەبـو، بۆ ماوەی ٤ سـاڵە ئـەو بودجەیە نەماوە، کە دەمانتوانی بەشـێک لەو بودجەیە بۆ سـامانی ئاژەڵ تەرخان بکەین.
دەشـڵێت: بەجۆرێک دەمانتوانی ٣ هەزار تەن ئالیک دابین بکەین و بە نیوەی نرخی بازاڕ پێمان دەدان.
جەختـی لەوەشـکردەوە: گرفتـی خـاوەن ئاژەڵـەکان زیاتـر لە وشکەساڵیەکە بو کە روبەڕوی بونەوە، ئەگەرچی لە ڕێگەی ئیدارەی گەرمیانەوە چەند جارێک کۆبونەوەمان ئەنجامدا و نوسراویشـمان ئاراسـتەی سـەروی خۆمان کرد کە بودجەیەک تەرخان بکرێت بۆ ئەو بابەتە، بەڵام هیچ نەکرا، هاوکات داوای بەشـێک لە بودجەی پارێزگاکانیشـمان کـرد لە ڕێگـەی ئیدارەی گەرمیانـەوە ئەویش نەکرا، ئێمەش نەمانتوانی هیچ بکەین.
ئەمە لە کاتێکدایە لە هەمو وڵاتان سامانی ئاژەڵ گرنگی پێدراوە و پرۆژەی تایبەت بەو بوارە هەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان کەم و سـنوردارە، ئەوەی هەیە پشـت بەو سامانی ئاژەڵە دەبەسترێت کـە لە لادێکان هەن، لەگەڵ ئەوەشـدا نەتوانراوە وەک پێویسـت هاوکارییان بکرێت.
شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، وتی: گرفتی سەرەکی خاوەن ئاژەڵەکان ئەوەیە نەمانتوانیوە هاوکارییان بکەین لـە پێدانی ئالیک، کۆتا هاوکارییش سـاڵی ٢٠١٩ بو کە ئالیکمان دابەشـکرد لـە دوای ئەو ساڵەشـەوە هیچ هاوکارییـەک نەکراون بەهۆی قەیرانی داراییەوە.

## ٣. ساغکردنەوەی بەرهەم

خـاوەن ئاژەڵـەکان جەخت لەوەدەکەنەوە گرفتی سـاغکردنەوەی بەرهەمەکانیـان نیـە، ئـەوەی گرفتـە بۆ ئەوان ئـەو ئەرکەیە کە دەکەوێتە سـەریان تاوەکو پێگەیاندنی بەرهەمەکەیان بۆیە ناچار دەبن ئەوەی دەستیان دەکەوێت لە خزمەتی خۆیانی بەکاربهێننەوە.
بەختیـار حەمەخان، خاوەنی ئاژەڵ لـە گوندی توکن لە گەرمیان دەڵێت: بۆ سـاغکردنەوەی بەرهەمەکانمان گرفت دروسـت نابێت، بەڵام ئەوەی هەیە بەشـی خۆی ناکات، بۆنمونە ئەمسـاڵ ئێسـتا بەرهەممان پێبگات باشە و دەتوانین سودی لێببینین، بەڵام پێشتر ئەوەی هەمان بوە زیان بوە بۆمان، بەتایبەت ٢ ساڵی وشکەساڵی ڕێژەیەکی زۆری خەڵک هەمو مەڕومالاتەکەی فرۆشـتەوە، چونکە نەیتوانی بەخێوی بکات، هەموی زیان بو بۆی.
«لە سـاغکردنەوەی بەرهەمی سـاڵانەمان خراپ نین باشە، بەڵام ئەوەی هەیە ئەگەر ١٠٠ سەر بەرهەمت هەبێت ئەوە ٥٠ـی مەسرەف ئەبیـات، ئەمەیـە زیانەکە بۆ ئێمـە«. ئەحمـەد عەبدولڕەحمان، خاوەنی ئاژەڵ لە گوندی بەرلوت وا دەڵێت.
سـتار حسـێن، خاوەنی ئاژەڵ لە گوندی عەلی پەکان لە گەرمیان دەڵێت: لە ئێستادا ساغکردنەوەی بەرهەمەکەمان باشە، بەتایبەت لە ئێستا ئەگەر بەرهەم هەبێت، چونکە ١ کیلۆ بە ١٠ هەزار دینار مامەڵەی پێوەدەکرێت.
حەسـەن عەلـی، بزگێـری ڕەشـەوڵاخە لـە گەرمیـان، وتـی: سـاغکردنەوەی بـە پێـی ڕۆژ و مانگە، هەمانە بـە ٤ بۆ ٥ مانگ ئینجا ساغ ئەبێتەوە.

## ٤. دابین نەکردنی ئالیک

لە ماوەی ساڵانی پێش قەیرانی دارایی حکومەت وەک پاڵپشتیەک بۆ سامانی ئاژەڵ، هاوکاری دەکردن بە دابینکردنی ئالیکی وەک جۆ و ئاڵف، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی ئەو پاڵپشتیە نەماوە، بۆیە لە ئێستادا خاوەن ئاژەڵەکان خۆیان ئەو ئالیکە دەکڕن، وەکخۆیان دەڵێن زۆریان لەسەر دەکەوێت.

بەختیار حەمەخان، خاوەنی ئاژەڵ لە گوندی توکن، دەڵێت: ئاژەڵەکانمان جۆی بۆ دەکڕین بە تەن، بۆنمونە جۆی رەش ئەگەر راستەوخۆ پارەکەی بدەی ئەوە تەنی بە ٦٥٠ هەزار دینار دەکڕین، جۆی سپیش تەنی بە ٤٥٠ هەزار دینار، بەڵام بە رێژەی ٪٨٠ی خەڵک بەقەرز ئەیهێنێ تاوەکو بەرهەم پێ ئەگات، بۆیە تەنی جۆی رەش بە ٨٠٠ هەزار دینار لەسەرمان دەکەوێت، بۆ ئەمەش حکومەت هیچی بۆ نەکردوین.

جەختی لەوەشکردەوە: خاوەن ئاژەڵ ٢ شتی ئەوێت: ئاڵف و دەرمان، ئەگەر دابینیبکەن زۆر باش دەبێت.

ئەحمەد عەبدولڕەحمان، خاوەنی ئاژەڵ لە گوندی بەرلوت هەمان رای هەیە و جەخت لەوە دەکاتەوە تەنێک جۆ بە قەرزی درێژخایەن بە ٨٠٠ هەزار دینار دەکڕێت.

سەرباری گلەی و گازندەی خاوەن ئاژەڵەکان لەوەی حکومەت هاوکاری نەکردون وەکپێویست، بزگیرەکان (ئەوانەی کڕین و فرۆشتن بە ئاژەڵەکانەوە دەکەن)، ئەوانیش جەخت دەکەنەوە لە هاوکاریی نەکردنیان لەلایەن حکومەتەوە.

عوسمان قادر، بزگیر لە ناحیەی سەرقەڵا، دەڵێت: حکومەت هیچ هاوکارییەکمان ناکات وەک دابین کردنی ئاڵف و پێداویستی بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بەم بوارە بدەین، ئەوەی هەیە رۆژانە بۆ بژێوی ژیانی خۆمان ئەو کارە دەکەین و سنوردارە.

لە بەرامبەردا، شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، جەخت لە قسەی ئاژەڵدار و بزگیرەکان دەکاتەوە بەوەی نەیانتوانیوە هاوکاریان بکەن بە پێدانی ئالیک.

وتیشی: بەتایبەت لە ساڵانی وشکەساڵیەکەدا بە نوسراوی فەرمی و بە راپۆرتی تایبەت ٢ جار لە ساڵەکانی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢شدا داوامان لە وەزارەتمان کردوە بڕی ٦ ملیار دینار تەرخان بکەن بۆ قەرەبوکردنەوەی خاوەن ئاژەڵەکان و دابینکردنی ئالیک بۆیان، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵام نەدراوینەتەوە.



## ٥. کێشەی بزگیرەکان

«لە مەیدانی ئاژەڵان کاردەکەم، دۆخی کڕین و فرۆشتن لە ئێستادا باشە و حەیوان پارە دەکات و نرخەکەی بەرزە، هۆکارەکەشی ئەوەیە رێگە نادرێت لە سوریا و ئێرانەوە بێتە سنورەکە«. ئەنورە ئەحمەد، بزگیر لە کەلار وای وت.

وتیشی: لە ناوخۆی گەرمیان لەلایەن خودی هاوڵاتیانەوە خواست لەسەر حەیوان کەمبوەتەوە و زیاتر بۆ خواروی عێراق دەڕوات، چونکە نرخەکەی بەرزە و لە بەرژەوەندی کەسیش نیە، بە جۆرێک ئەگەر بۆ خوار نەڕوات ئەوە لێرە بازاڕ زۆر ئەشکێت، بۆ ئەو مەبەستەش حکومەت رێگری نەکردوە بۆ خوار بڕوات، ئەگەر رێگری بکات ئەوە نرخەکەی دائەبەزێت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: جاری وا هەیە وەجبەیەک حەیوان دەکڕم بە ٢ رۆژ لە بازاڕدا ساغی دەکەمەوە، جاری واش هەیە بە مانگ ناتوانم ساغی بکەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت هیچ هاوکارییەکی نیە بۆ ئەم بوارە، ئەوەی هەیە خەڵک لەسەر خۆیەتی.

عوسمان قادر، بزگیر لە ناحیەی سەرقەڵا هەمان رای ئەنوەری هەیە سەبارەت بە دۆخی کڕین و فرۆشتنی مەڕومالات.

لە بەرامبەردا، بەختیار ئەحمەد، بەڕێوبەری بەشی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، باسی لەوەکرد: هێنانی ئاژەڵ قەدەغە نەکراوە، ئەوەی قەدەغە کراوە ئاژەڵی قاچاخ بوە، بەڵکو رێنمای ساڵی ٢٠٢٣شمان هەیە کە چۆن ئاژەڵ لە دەرەوە بهێنرێتە سنورەکە بە شێوەی یاسایی، ئەگەرچی ئەمە زیاتر پەیوەندی بە ڤێتەرنەریەوە هەیە، چونکە رێنمایی هەیە بۆ ئەو بابەتە لە روی تەندروستیەوە.

دەشڵێت: ئەوەشی کراوە بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیە و پێداویستی ناوچەکەش پڕدەکاتەوە بەپێی وتەی بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان.

شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، هەمان رای هەیە و جەخت لەوە دەکاتەوە، نوسراویان ئاراستەی هیچ کۆمپانیایەک نەکردوە بۆ هێنانی ئاژەڵی بچوک و گەورەش، چونکە بەپێی راپۆرتەکانی بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری و بەدواداچونی خۆیان، ئاژەڵی پێویست لە سنورەکە هەیە و پێداویستی ناوچەکەش پڕدەکاتەوە.

## دوەم: پەلەوەر

پەلەوەر بەتایبەت مریشـکی گۆشـت و جوجکە، یەکێکی ترە لەو بوارانەی سامانی ئاژەڵ کە لە گەرمیان گرنگی پێدراوە، بەجۆرێک بەپێی ئامارێکی بەشـی سـامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی گشـتی کشـتوکاڵی گەرمیان لە سـنورەکەدا ١٤٤ پرۆژە کە لە ١٦٤ هۆڵ پێکهاتون، بونیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ٨ لەو پرۆژانە لە ئێستادا کارناکەن و داخراون.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان لە سـاڵەکانی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣، ڕێـژەی هەڵهێنەری جوجکە لە ٣ پرۆژەی تایبەت بە هەڵهێنەری جوجکە لە سنورەکە بەمشێوەیەیە:

| ساڵ | وەجبەی تێکراو | هێلکەی دانراو | بەرهەمی جوجکە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| 2022 | 154 | 11 ملیۆن و 325 هەزار و 789 | 9 ملیۆن و 472 هەزار و 339 | 83.64% |
| **2023** | 155 | 14 ملیۆن و 637 هەزار و 40 | 12 ملیۆن و 852 هەزار و 446 | 84.60% |

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان، بڕی بەرهەمی مریشک لە نێو کێڵگە پەلەوەرییەکان لە ساڵانی ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٣ بەمشێوەیەیە:

| ساڵ | پرۆژەی تێکراو | جوجکەی دانراو | بڕی بەرهەمی مریشک | مرداربونەوەی مریشک | ڕێژەی مرداربونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| 2020 | 281 | 2 ملیۆن و هەزار و 851 | 2 ملیۆن و 409 هەزار و 625 | 260 هەزار و 275 | 10% |
| 2021 | 297 | 3 ملیۆن و 393 هەزار و410 | 3 ملیۆن و 35 هەزار و 445 | 379 هەزار و 517 | 11% |
| 2022 | 326 | 4 ملیۆن و 134 هەزار و 960 | 3 ملیۆن و 767 هەزار و 156 | 369 هەزار و 304 | 9% |
| 2023 | 318 | 4 ملیۆن و 214 هەزار و 660 | 3 ملیۆن و 981 هەزار و 437 | 254 هەزار و 233 | 6% |

جگە لە بەرهەمی پەلەوەر کە بە زۆری مریشکە، بەرهەمی جوجکەی کێڵگە پەلەوەرییەکانیش هەیە کە لە ناوخۆی گەرمیاندا بەرهەم دەهێنرێت لە ڕێگەی پرۆژەکانی هەڵهێنەری جوجکەوە.
هاوکات جگە لە کێڵگەکانی پەلەوەر، زۆر هاوڵاتی و خێزانیش بەشێوەی سەربەخۆ خۆیان پەلەوەری وەکو: مریشک و کەڵەشێری کوردیی، قەل، مراوی و قاز لە ماڵان یان کێڵگە و باخەکانیان بەخێودەکەن، بەڵام وەک ئاری نەسرەدین قادر، لێپرسراوی بەشی نەخۆشیەکانی پەلەوەر لە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان و بەختیار ئەحمەد، بەڕێوبەری بەشی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان ئاماژەیان بۆکرد، ئەوانە وەکو پرۆژەی مۆڵەتدار نین و ژمارەشیان زۆر نییە و هیچ ئامارێکیشیان بەردەست نییە.
دیارترین ئالەنگاری و کێشەکانی پەیوەست بە کەرتی پەلەوەر لە خوارەوە ئاماژە پێدەدەین.

## ١. داخستنی کێڵگە پەلەوەرییەکان

«ساڵانە ٥ بۆ ٦ وەجبە جوجکەم دەخستە قاعەکانمەوە کە ٣ کێڵگەم هەیە، بۆ هەر وەجبەیەکیش ١٠٥ بۆ ١٢٠ تەن بەرهەمی گۆشتم هەبوە، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی ئەوەی توشی زیان بوم ٢ لە قاعەکانم داخستوە، چونکە بۆم نابرێت بەڕێوە«. ئیدریس ئەحمەد، خاوەنی پرۆژەی کێڵگەی پەلەوەری توران لە گەرمیان وای وت.
وتیشی: بەهەر ٣ پرۆژەکەمەوە ساڵانە ٤٥٠ بۆ ٦٠٠ تەن بەرهەمی گۆشتی سپیم هەبوە، بەڵام ئێستا ساڵانە ٢٠٠ بۆ ٢٥٠ تەن بەرهەمم هەیە، هۆکارەکەشی بۆ نەبونی خزمەتگوزاری لەم بوارە دەگەڕێتەوە کە حکومەت ئاوڕی لێ ناداتەوە.
هێمای بۆئەوەشکرد: پرۆژەکان لەسەر روبەری زەوی جیاوازە، هەمە لەسەر روبەری ٣ دۆنمە هەشمە لەسەر ٢ دۆنمە دانەیەکی تریشم هەیە لەسەر روبەری ٣ دۆنم زەوییە، ئەم پرۆژانە هەر یەکەیان و نزیکەی ٢١ دەفتەر دۆلارم لەسەر خەرج کردون، ئێستا هەر دانەیەکی بە ١٤ دەفتەر دۆلار دەفرۆشمەوە، هێندە لێی بێزار بوم.
هاوکات، ئارام عەبدوڵڵا، خاوەنی پرۆژەی کێڵگەی پەلەوەری قەڵا لە گەرمیان وتی: کێڵگەیەکی پەلەوەریم هەیە و بۆ هەر وەجبەیەک ٢٥ هەزار جوجکە لەخۆ دەگرێت، ساڵانەش ٥ بۆ ٦ وەجبەی تێ ئەکەم.
وتیشی: هەر وەجبەیەکم نزیکەی ٥٥ تەن بەرهەمی هەیە، بەکۆی گشتی ساڵەکەش نزیکەی ٣١٠ تەن بەرهەمم هەیە.
جەختی لەوەشکردەوە: لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە هیچ خزمەتگوزارییەک نەماوە لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئێمە، ئەوەی هەیە خۆمان بەڕێوەی دەبەین، ئەمە لە کاتێکدایە چەندین خاوەن کێڵگە بەهۆی زۆری تێچوی وەجبەکانەوە، ناچاربون جوجکە تێنەکەن و توشی زیان بوە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە ئێستادا زۆرمان لەسەر دەکەوێت بەتایبەت بەهۆی بەرزی دۆلارەوە، بۆ نمونە لە ساڵی ٢٠٢١ کە ٢٥ هەزار جوجکەم دەخستە پرۆژەکەمەوە ٨٩ ملیۆن دینار خەرجی هەبوە، لە ساڵی ٢٠٢٢ هەمان ڕێژەی جوجکە مەسرەفەکەی گەشتوەتە ١٤٤ ملیۆن دینار، لە ساڵی ٢٠٢٣ـش مەسرەفەکەی گەشتوەتە ١٦٠ ملیۆن دینار، کاتێکیش نرخ بەرز دەبێتەوە یەکە ئیدارییەکان هەزار کێشەمان بۆ دروست دەکەن و توشی زیانمان دەکەن.
وتیشی: لە هەمان کاتدا، ئاڵفیش بە گران دەکڕین، بۆ نمونە ١٠٠ وەجبەی ئاڵفم بەیەکەوە کڕیوە پێش دۆلار بەرزی بە ١٢٤ هەزار دەمکڕی، کەچی ئێستا بە زیاتر لە ١٥٠ هەزار دینار دەیکڕین، ئەمەش وایکردوە ئەڵەف ٢٥ ملیۆن دیناری بڕواتە سەر لەوبڕەی کە دەیکڕین.



## ٢. ڕێگەنەدان بە بردنی بەرهەم بۆ ناوەڕاست و خواروی عێراق

خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر بەهۆی ئەوەی ڕێگەیان لێ دادەخەن کە بەرهەمەکانیان ببەنە خواروی عێراق ساغی بکەنەوە، جەخت لەوە دەکەنەوە پلانیان هەیە سکاڵا تۆماربکەن، چونکە بەوتەی خۆیان، وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێنمایی تایبەتی هەیە بۆ ئەو مەبەستە کە قەدەغە نیە.

ئیدریس ئەحمەد، خاوەنی پرۆژەی کێڵگەی پەلەوەری توران، باس لەوە دەکات: دەمێکە دەمانەوێت سکاڵا تۆمار بکەین لەبەرامبەر ئەو هەمو گرفتانەی توشمان دەکەن، بەڵام نەمانکردوە، چونکە ترسی ئەوەمان هەبوە پرۆژەکانمان بکەوێتە مەترسیەوە و شکاندن و شتمان بۆ نەکەن، لەبەر ئەوەی دڵنیاین هەمو شتێکمان پێدەکەن و هەمو کێشەیەکمان بۆ دروست دەکەن.

ئارام عەبدوڵڵا، خاوەنی کێڵگەی پەلەوەری قەڵا، وتی: ڕێنمایی وەزارەتی کشتوکاڵمان هەیە کە بڕیاری ژمارە ٦٥٦١ باس لەوە دەکات بەهیچ شێوەیەک ڕێگری نەکرێت لە بەرهەمەکانمان ببەینە خواروی عێراق ساغی بکەینەوە، کەچی ڕێگریمان لێدەکەن.

دەشڵێت: ئەو لایەنانەی کە ڕێگری دەکەن ئیدارەی گەرمیان و قایمقامیەتەکان و چاودێری بازرگانی گەرمیانە، بۆیە لە ئێستادا راوێژمان بە پارێزەر کردوە ئەگەر ڕێگەمان لێ دابخەن ئەوە سکاڵا تۆماردەکەین، چونکە کۆتوبەندیان کردوین و وەک دوژمن دەمانبینن.

ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە لە گەرمیان گیراوەتەبەر، هەر مریشکێک لە ٢ کیلۆ گرام کەمتر بو دەتوانرێت ببرێتە دەرەوەی ناوچەی گەرمیان و لە خواروی عێراق ساغ بکرێتەوە، بەڵام یەکێک لە خاوەنی کێڵگە پەلەوەرییەکان جەخت لەوە دەکاتەوە یەکە ئیدارییەکان پێوەی پابەند نین.

«کێڵگەی پەلەوەر ئەبێت دوای ٣٨ ڕۆژ مریشکەکەت بفرۆشیت، ئێمەش داوامان بۆ دێت لە ناوەڕاست و خواروی عێراق کیلۆی بە ٦٠٠ و ٧٠٠ باردەکەن، جاری واهەیە بازاڕ باشە، بەڵام ئەبێت چاوەڕێ بکەیت تا ٣٨ ڕۆژ قەپات بکات، مریشکیش بەدەقەیە جاری واهەیە بازاڕ دادەبەزێت یان دەرد لێی ئەدات». ئاسۆ مستەفا حسێن، خاوەنی پرۆژەی کێڵگەی پەلەوەری ئامەد وا دەڵێت.

لە بەرامبەردا، هەردی سەرکەوت، بەرپرسی بەشی راگەیاندنی قایمقامیەتی قەزای کەلار باسی لەوەکرد: وەک قایمقامیەت هیچ ڕێگرییەکمان نەکردوە لە ڕۆشتنی مریشک بۆ خواروی عێراق و ساغکردنەوەی، بەڵکو پێشمان خۆشە بەرهەمی گەرمیان ببرێت و لەوێ ساغ بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە نرخی مریشک گەشتە سەروی ٣ هەزار و ٥٠٠ دینار ئەوکات داوامانکردوە بازگەکان بەشێوەی کاتی دابخرێن بۆ ئەوەی نرخەکە زیاتر بەرز نەبێتەوە، ئەمەش بە ڕەزامەندی نوێنەری کێڵگە پەلەوەرییەکان کە لە کۆبونەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دیوانی قایمقامیەت بە کۆنوسێک بڕیاری لێدراوە، ئەگەرنا لە حاڵەتی ئاسایی بەهیچ شێوەیەک ڕێگریمان نەکردوە.

دەشڵێت: مریشکی خوار ٢ کیلۆ گرامیش کە لە خواروی عێراق سەرفیاتی زۆرە، تەواو پابەندی ئەو خاڵەشبوین و ڕێگریمان نەکردوە بۆ ڕۆیشتنی، بەڵکو ئاسانکاریشمان بۆ کردون.

هاوکات، ئاری نەسرەدین قادر، لێپرسراوی بەشی نەخۆشیەکانی پەلەوەر لە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان، باسی لەوەکرد: هیچ کات نەبوە ڕێگری لە خاوەن کێڵگە پەلەوەرییەکان بکەین بۆ ساغکردنەوە بەرهەمەکانیان و بەهەمو شێوەیەک پشتگیریان بون، چونکە مۆڵەتیان هەیە و لە ژێرچاودێری ئێمەدان».

دەشڵێت: ئەوەی کە هەیە هاوکاری نەبێت بەدەرە لە دەسەڵاتی ئێمە، راستە لۆدیان لەسەرە و هەمو شتێک گرانە بەتایبەت لەگەڵ بەرزبونەوەی دۆلار و دابەزینی نرخی مریشک و ڕێگەنەدانیان بە ڕۆشتنی بەرهەمەکانیان بۆ خواروی عێراق، هەمو ئەمانە گرفتە بۆ ئەوان، لە کاتێکدا ئەوەشی هەیە لە پێداویستی ناوخۆ زیاترە، دەکرێت ڕێگەیەک هەبێت بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان و تا نرخ دائەبەزێت و لە ناوخۆش بەرهەم کەڵەکە نەبێت.

## ٣. ئاستەنگی ئیداریی

خاوەنی کێڵگەیەکی پەلەوەری دەڵێت: حکومەت هەوڵی شکاندنی ئەم کەرتە دەدات و هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم بوارە، حکومەتیش لە بەرامبەردا رونکردنەوە دەدات.

ئیدریس ئەحمەد، خاوەنی پرۆژەی کێڵگەی پەلەوەری توران، باس لەوە دەکات: حکومەت هیچ هاوکارییەکی ئەم کەرتەی نەکردوە تاوەکو بەرەو پێشەوەی ببات، ئەوەی هەیە هەوڵی شکاندنی ئەم بوارە دەدات و نایەوێت سەرببخات.

وتیشی: ئێستا کێشەی ئەوەیان بۆ دروستکردوین کە سەرپەرشتیاری مانگانە هەبێت، لە کاتێکدا پێشتریش ئەم سەرپەرشتیارە هەبوە، بەڵام تەنها لە کاتی شکاندنی کێڵگەکان هەبوە کە بەرهەمەکەمان پێگەشتوە بە ٣٠٠ هەزار دینار، کەچی ئێستا ئەڵێن با مانگانە بێت و پارەیان پێبدەین، ئەم بڕیارەش لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و ڤێتەرنەرییەوە دراوە.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەو مۆڵەتی کە پێمان دراوە بۆمانی تازە ناکەنەوە و شکاندنمان بۆ ناکەن تاوەکو ئەو سەرپەرشتیارە دانەنێین، ئەمەش یەکێکی ترە لە فێلەکان کە لە ئێمەی دەکەن.

لەبەرامبەردا، ئاری نەسرەدین قادر، لێپرسراوی بەشی نەخۆشیەکانی پەلەوەر لە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان، باسی لەوەکرد: بابەتی ئەو سەرپەرشتیارەی کە دانراوە ڕێنمایی وەزارەتە و ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی داوە و لە پەرلەمانەوە کراوە بە ڕێنمایی، لەگەڵ ئەوەشدا خول کراوەتەوە بۆ ئەو مەبەستە و بۆ ئەو کەسانەشە کە دەرچوی زانکۆ و پەیمانگاکانن و دانەمەزراون.

## ٤. گرانی بازاڕ و کاریگەری لەسەر بەرهەم

جگــە لــە بەرهەمی پەلــەوەر کە بــە زۆری مریشــکە، بەرهەمی جوجکــەی کێڵگــە پەلەوەرییەکانیــش هەیــە کــە لــە ناوخۆی گەرمیانــدا بەرهەم دەهێنرێت لە ڕێگــەی پرۆژەکانی هەڵهێنەری جوجکــەوە، ئەگەرچی بەشــێکی زۆری هێلکەکانــی پیتاندان لە دەرەوەی سنورەکە دەهێنرێت.
ئیدریــس ئەحمــەد، خاوەنی پرۆژەی کێڵگەی پەلــەوەری توران لــە گەرمیان باس لەوە دەکات: هەڵهێنەری جوجکەکان ناوخۆی خۆمانــە و هەندێــک لــە هێلکەکانــی پیتاندنیش هــەر ناوخۆی خۆمانە، بەڵام وەکپێویست نیە، بۆیە لە دەرەوەش دەیهێنین.

دەشــڵێت: بــەڵام وەکو بەرهەمەکانی ئاڵــف و مەوادەکانی دیکە هەمــوی لــە دەرەوە دەهێنین، ئەمــەش بارگرانیەکی دیکەیە بۆ ئێمە، چونکە هەموی بە دۆلار بۆمان دێت و دۆلاریش بەو بەرزی خۆیەوە زیانی پێگەیاندوین.
جەختی لەوەشکردەوە: کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ و ڤێتەرنەریش لەو ڕووەوە هاوکاری ئێمە نەبون، کە نوســراومان بۆ بکەن و هەر بەرهەمێــک دەکڕیــن کە جاری وا هەیــە نزیکەی ٥ دەفتەر دۆلار مــەواد و ئاڵف دەکڕین، دەکرێــت دۆلار بە ١٣٢ هەزار بێت نەک ١٥٠ هەزار دینار.

## ٥. دابین نەکردنی دەرمان

یەکێــک لەو گرفتانــەی کە ڕووبەڕوی خاوەن کێڵگــەکان بوەتەوە، دابین نەکردنی ڤاکســین و پێداویستی تەندروستییە، وەک خۆیان دەڵێن لەگەڵ قەیرانی دارایی هاوکارییەکان وەستاوە و بەرپرسێکی ڤێتەرنەریش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە.
ئیدریس ئەحمەد، خاوەنی پرۆژەی کێڵگەی پەلەوەری توران، باس لەوە دەکات: ساڵانی پێش قەیرانی دارایی ڤاکسین و دەرزیان پێ دەداین، بۆنمونە شەش یەکی مەسرەفەکەیان لە کۆڵ کردبوینەوە و بــە نیوەی نرخی بازاڕ پێمــان دەدرا، بەڵام ئەو خزمەتگوزارییە نەماوە لە ئێستادا.
لــە بەرامبــەردا، ئــاری نەســرەدین قــادر، لێپرســراوی بەشــی نەخۆشــیەکانی پەلــەوەر لە بەڕێوبەرایەتــی ڤێتەرنەری گەرمیان، باسی لەوەکرد: «ئەرکی ئێمە سەردانکردنی کێڵگە پەلەوەرییەکانە لــە کاتی تێکردنــی جوجکە و لەکاتی فرۆشــتنی مریشــکەکاندا، هــاوکات لە بونــی هەر نەخۆشــیەک کە ئاگادارمــان دەکەنەوە و سەردان دەکەین و دەرمان و ڤاکسینیان پێدەدەین کە لە ئێستادا کەمبوەتەوە و تەنهــا دەرمانی پاکژکردنەوەمان هەیە، ئەوەش بۆ ماوەی مانگێکە بەردەستە«.
وتیشی: لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی ڤاکسین و دەرمانەکان کەمبونــەوە، بەجۆرێک لە ســاڵی ٢٠١٨ بەشــێکی باشــمان کڕی تاوەکو ساڵی ٢٠٢٠ بەردەوامی هەبو، دوابەدوای ئەوە بۆ ماوەی ٤ ساڵە هیچ شتێکمان نیە و هیچ بەشە بودجەیەکیش بۆ ئەو بابەتە نیە، بەڵکو ئەوەی هەیە بەشــێوەی ڕاســتەوخۆ خۆمان دەمانکڕی یان بە شێوەی داواکاری داوامانکردوە و بۆیان دابینکردوین.
جەختــی لەوەشــکردەوە: بەبەردەوامی داوامان کــردوە، بەڵام لە ســەر ئاســتی وەزارەت ڕەزامەندی نەهاتوەتەوە بۆمان، ئەوەشــی کــە ئێمە دەیکەین هەمــوی ڕێنماییە چ لــە بەدواداچون بێت یان سەردان و پشکنین، چونکە ئێمە ئەوەی لەسەرمانە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانە، ئەوەشی بە ئێمە بکرێت هاوکارین.

## ٦. بونی مریشکی قاچاخ

خــاوەن کێڵگەیــەک باس لــەوەدەکات بەرپرس هەبوە مریشــکی نایاســایی هێناوەتــە ســنورەکە و ســاغی کردوەتــەوە، بــۆ ئەو مەبەســتەش ســکاڵای تۆمارکردوە، ئەگەرچی بۆماوەی ٥ ســاڵە تاوەکو ئێستا ئیجرائات نەکراوە.
ئــارام عەبدوڵــڵا، خاوەنــی پــرۆژەی کێڵگەی پەلــەوەری قەڵا لە گەرمیان باس لەوە دەکات: بەرپرس هەبوە لە سنورەکە مریشکی نایاســایی هێناوەتە ناوچەکە و ســاغی کردوەتــەوە، لە ڕێکەوتی ٢١ــی ٤ــی ٢٠١٩ سکاڵام تۆمارکردوە لە دادگا تاوەکو ئێستا هیچ ئیجرائاتێک نەکراوە.
وتیشــی: بۆ ئەو مەبەســتە چەند جارێک ســەردانی قایمقامیەتی قەزای کەلارم کردوە کە نوســراوەکە لەلایەن ئەوەوە کراوە وتومە بــۆ ئیجرائــات ناکەن کە توشــی زیانی کردویــن، کەچی نەکراوە، بۆیە ئەیبەســتمەوە بەوەی کە چاو لە بەرپرسان و دەستڕۆشتوان دادەخەن.
لە بەرامبەردا، هەردی ســەرکەوت، بەرپرســی بەشــی ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی قەزای کەلار، وتی: لەســەر ئەو بابەتە نوسراومان بۆ هاتوە لــە بەڕێوبەرابەتی ڤێتەرنەری گەرمیانــەوە، ئەوەی ئەرکی ئێمەبــوە کردومانە و ڕێکاری یاســایمان بەرامبــەر گرتوەتەبەر و نوســراومان ئاراستەی دادگا کردوە، دواجار بڕیار لەلای ئەوانە کە چی دەبێت و سزاکەی چییە.



## ٠٧ بونی کێڵگەی پەلەوەری نایاسایی

«لە سـنوری گەرمیان چەندین کێڵگەی پەلەوەر بە زیادەڕەوی و نایاسـایی دروستکراون و بەبێ مۆڵەت کاردەکەن، کەچی ئێمەش کـۆت و بەندکراوین» . ئارام عەبدوڵـڵا، خاوەنی پرۆژەی کێڵگەی پەلەوەری قەڵا وای وت.
دەشـڵێت: ئیدخالمان بۆ دەکەن، شـکاندنمان بۆ دەکەن، کەچی مریشکێکیشـمان تۆزێـک ناسـاغ بێت و هیچ زیانێکـی نەبێت بۆ تەندروستی ڕێگە نادەن بیخەینە بازاڕەوە تاوەکو چاک دەبێتەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا پـارەی کارەبا دەدەیـن، باج دەدەین، سـاڵانە مۆڵـەت نوێ دەکەینەوە کە بە ٥٠ هـەزارە، هەمو کارەکانمان بە پارە ئەنجام دەدەین، کەچی هەشە بەبێ مۆڵەت کاردەکات و بەبێ هیچ یەکێک لەوانەی کە باسم کرد.
وتیشی: چەندینجار ئەم بابەتەمان بردوەتە لای یەکە ئیدارییەکان، بەڵام گوێمان لێناگرن.
لـە بەرامبـەردا، ئـاری نەسـرەدین قـادر، لێپرسـراوی بەشـی نەخۆشـیەکانی پەلـەوەر لە بەڕێوبەرایەتـی ڤێتەرنەری گەرمیان، باسی لەوەکرد: کێڵگەی نایاسایی لە سنوری گەرمیان هەبوە و بە لیژنە چوینەتە سەری و بە نوسراوی فەرمی و بە راپۆرت ناوەکان و شـوێنەکانیانمان داوە بـە ئیـدارەی گەرمیـان و قایمقامیەت و ناحیەکان، بۆیە ئەوەی لەسەرمان بوە کردومانە».
دەشڵێت: ئیجرائات لەلای یەکە ئیدارییەکان و هێزە ئەمنیەکانە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەوانەشی کە سەرپێچیان کردوە و مۆڵەتیان نوێ نەکردوەتەوە بەهەمان شێوە راپۆرتی خۆمان داوە لەسەریان، بۆیـە لـە پێش سـاڵی نوێ ٢ شـوێنمان هەبو لـە نزیکە جادەی پشتێنەی کەلار کە بە نایاسایی ئەو کارەیان کردوە و جوجکەیان هێناوە و بەخێوی دەکەن، لەگەڵ لیژنەی قایمقامیەت رۆشتوینەتە سـەریان و راپۆرتی خۆمان داوە بە بەشـی یاسایی و داویەتی بە قایمقامیەت چاوەڕوانی ئەوانین لایبدەن.
جەختـی لەوەشـکردەوە: لەگەڵ ئەوەشـدا لە سـنوری گەرمیان کێڵگـەی نایاسـایی زۆر کەمـە، بەجۆرێک لە پەنجەکانی دەسـت تێناپەڕن، لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە دور لە چاوی ئێمە کەسێک یان بازرگانێک مریشـک بهێنێت و بۆماوەی چەند رۆژێک بیهێڵێتەوە و دواتر بیفرۆشـێتەوە، دەکرێت ئەمە روبدات، چونکە بەهۆی کەمی ستافەوە ناتوانین بەردەوام دەرچونمان هەبێت.

## ٠٨ گرفتی غاز

گرفتی غاز یەکێکی دیکە لەو گرفتانەی کە روبەڕوی خاوەن کێڵگە پەلەوەرییەکان بوەتەوە، وەکخۆیان دەڵێن حکومەت هیچ هاوکاری نەکردوین لەو روەوە و بە نرخی گرانیش دەیکڕین.
ئیدریس ئەحمەد، خاوەنی پرۆژەی کێڵگەی پەلەوەری توران، باس لەوە دەکات: بۆ هەر وەجبەیەک بەم سـەرمایەی ئێسـتا، نزیکەی ١٤ تـەن غـاز بەکار دەهێنم، هەر تەنێکیش بـە ٩٧٠ هەزار دینار دەکڕین، واتا نزیکەی ١٤ ملیۆن دینار خەرجی ئەمەشم هەیە.
وتیشی: ئەگەر حکومەت لەو روەوە هاوکارمان بێت، ئەوە ئێمەش توشی زیان نابین و نرخی مریشکیش گران نابێت.
لـە بەرامبەردا، یادگار فەتاح، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانـی گەرمیـان، دەڵێت: دابینکردنی غاز بەپێی سیاسـەتی حکومـەت ئەولەویەت بۆ هاوڵاتیانـە، بۆ کێڵگە پەلەوەرییەکانیش بەگوێرەی بارودۆخ دەتوانین هاوکارییان بکەین، لەگەڵ ئەوەشـدا مـەرج نیە بـەردەوام هاوکاریان بین، بۆیە ئەگەر غازی پێویسـت بەردەسـت بێت ئەوە دەتوانن لە ڕێگەی کشـتوکاڵەوە پشتگیری بهێنـن و لـە ڕێگەی یەکـە ئیدارییەکانەوە بڕی غازیـان بۆ دابین بکەین بە هەمان ئەو نرخەی کە دەدرێت بە هاوڵاتیان.
دەشـڵێت: بەو نرخەی کـە خاوەن کێڵگە پەلەوەرییەکان باسـی لێوەدەکـەن ئـەوە بازرگانیـە، بۆیە بـڕی غازی پاڵپشـتیکراوی حکومـەت ١٠٠٪ بەشـی هاوڵاتیـان نـاکات بەتایبەت لـە وەرزی زستاندا و ئەوانیش زیاتر ئەم وەرزە پێویستیانە.
هێمای بۆ ئەوەشـکرد: تاوەکو ئێسـتاش هیچ ڕێنمایی و بڕیارێک نیـە کە بە نیوەی نـرخ غاز بدرێت بەو خـاوەن کێڵگانە، چونکە دەبێت حکومەت پارەی پاڵپشتیکراوی ئەو بڕە غازە بدات.

## ٩. گرفتی کارەبا

یەکێک لە کێشەکان کە روبەڕوی خاوەن کێڵگە پەلەوەرییەکان بوەتەوە، گرفتی نەبونی کارەبای بەردەوامە، وتەبێژی کارەبای گەرمیانیش دەڵێت: لەبەر ئەوەی لە سنوری گوندەکانن ناتوانین کارەبای بەردەوامیان پێبدەین.
ئیدریس ئەحمەد، خاوەنی پرۆژەی کێڵگەی پەلەوەری توران، باس لەوە دەکات: گرفتی کارەبا یەکێکە لەو کێشانەی کە روبەڕومان بوەتەوە، چونکە لە کاتژمێر ٣ـی بەرەبەیانەوە تاوەکو ٥ ئێوارە کارەبا نیە، تەواوی ئەو کاتە مۆلیدە کارپێدەکەین، بۆ هەر وەجبەیەکیش ٧ بۆ ٨ هەزار لیتر گاز دەسوتێنم، کە بای ٥ ملیۆن دینار دەبێت.
وتیشی: لە پێش قەیرانی دارایی حکومەت هاوکاری دەکرین، بەجۆرێک نوسراوی بۆ دەکرین کە گازمان وەردەگرت بە نرخی حکومەت وەرماندەگرت، ئەمە سودی هەبو بۆ ئێمە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە ئەو هاوکارییە نەماوە.
ئارام عەبدوڵڵا، خاوەنی پرۆژەی کێڵگەی پەلەوەری قەڵا، دەڵێت: لە ساڵی ٢٠٢١ بۆ هەر ٢ مانگ جارێک ٤٥٠ هەزار دینارم داوە بە کارەبا، دواتر نرخەکە بەرزبوەتەوە بۆ ٥٦٠ هەزار دینار.
لە بەرامبەردا، ئالان ئەرکان، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان، وتی: بەهۆی ئەوەی زۆربەی کێڵگە پەلەوەرییەکان لە سنوری گوندەکانن، بۆیە ناچارن لە گوندەکانەوە کارەبا ببەن، لە گوندەکانیش لە کاتژمێر ٤ بۆ ٥ی ئێوارە کارەبایان پێ دەدرێت تاوەکو ٢ بۆ ٣ی بەیانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کاتژمێرانە کەم و زیا ئەکەن بەپێی خواستی هاوڵاتیان و وەرزەکانیش.
دەشڵێت: ئێمە ناتوانین کارەبای بەردەوام بدەین بەم کێڵگانە، چونکە کارەبای بەردەوام تەنها بۆ ئەو شوێنە خزمەتگوزاریانەیە کە لە خزمەتی هاوڵاتیاندان، لەبەر ئەوەی کێڵگە پەلەوەرییەکان ئەهلین، ناتوانین کارەبای بەردەوامیان پێبدەین.

## ١٠. دروستکردنی ئاستەنگ لەلایەن حکومەتەوە

خاوەن کێڵگەیەکی پەلەوەری جەخت لەوەدەکاتەوە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان کێشەی بۆ دروست کردوە و ناچاربوە کێڵگەکەی دابخات، لێپرسراوی بەشی نەخۆشیەکانی پەلەوەر لە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان رونکردنەوە دەدات.
ئاسۆ مستەفا حسێن، خاوەنی پرۆژەی کێڵگەی پەلەوەری ئامەد، دەڵێت: «بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری بەناوی یاساوە چاو لە خەڵک سور دەکاتەوە، من جوجکە دەکەمە قاعەوە داوادەکەم ئیدخالەکەم بۆ بکات مەعقول نییە من لە کەلارەوە دکتۆر بخەمە سەیارە و بچمە کولەجۆ لەوێشەوە یەکێکی کە بێنم بۆ قاعە دوبارە لەقاعەوە بگەڕێمەوە بۆ کەڵەجۆ لە وێوە بێمەوە بۆ کەلار، یانی ئەمە بێزارکردن نییە چییە؟»
باسی لەوەشکرد: دو-سێ دکتۆریان لەگەڵدایە عەیادەیان هەیە لەشاردا، بەناوی یاساوە چاو سور دەکەنەوە لەخەڵک بۆ ئەوەی مەجبوریان بکەن لە دەرمانخانەکانیان دەرمانیان لێ بکڕن، بەبەڵگەوە دێمە بەرامبەریان وازۆشیان بوێت ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ وازۆیان بۆ کۆدەکەمەوە کە خەڵک ناڕازییە لەئەوان.
جەختی لەوەشکردەوە: ناچاربوم هەردو کێڵگە پەلەوەرییەکەم دابخەم کە «پرۆژەکەم فول مواسەفاتە و زۆر پێشکەوتوە بو».
بەپێی یاسا و رێنماییەکان دەبێت پزیشکی ڤێتەرنەری سەرپەرشتی کێڵگە پەلەوەرییەکان بکەن، بۆئەوەی ئەو بەرهەمەی دێتە بازاڕەوە شیاوبێت بۆ بەکارهێنان و رێگری کردن لە بەرهەمی نەخۆش، بەڵام وەک خاوەن کێڵگەکان دەڵێن بێزاریان کردوین و ناچار بەهەندێک شتمان دەکەن یەکێک لەوانە کڕینی دەرمانە لەلای خودی خۆیان.
لەبەرامبەردا، ئاری نەسرەدین قادر، لێپرسراوی بەشی نەخۆشیەکانی پەلەوەر لە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان باسی لەوەکرد: هەمو ئەو وتانە دورە لە راستیەوە، هەر کەسێک گلەییەکی هەیە و چاوسورکردنەوەیەک هەیە دەتوانن سەردان بکەن و ئیدارە هەیە، بێمنەتیشن لەو بابەتە ئەگەر پەیوەندی بە ڤێتەرنەرییەوە هەیە و بەرپرسین لێی.
جەختی لەوەشکردەوە: لە ساڵی ٢٠١٨ـەوە لەوێم هیچ حاڵەتێکی وا روی نەداوە و رێگەپێدراویش نیە و جێگەی قبوڵ نیە.
لەبارەی بردنی پزیشکان لە لایەن خاوەن کێڵگەکانەوە بۆسەر پرۆژەکان بە ئۆتۆمبیلی خۆیان، وتی: ئەمە هەر وابوە، لە یەک وەجبەشدا لەماوەی ٦ هەفتەدا تەنها ٢ جار سەردان دەکەن، ئەو کاتەی کە جوجکە دەکەنە پرۆژەکە لەگەڵ ئەوکاتەی کە دەیشکێنن.
هێمای بۆئەوەشکرد: تەنها لە حاڵەتی نەخۆشی مریشکەکان ئۆتۆمبێلی خۆمان دەبەین، چونکە دەزانن کێشەی ئۆتۆمبێل هەیە لە بەڕێوبەرایەتیەکان.
باس لەوەشدەکات: هیچ بڕە پارەیەک وەرناگرین بۆ کەشفی مریشکەکان، بەڵام بۆ هەر ١٠ هەزار مریشکێک ٥٠٠ دینار وەرئەگیرێت، ئەمەش لە رێنمایی وەزارەتی داراییدا هاتوە، بۆ نمونە گەورەترین پرۆژە کە ٢٥ هەزار مریشکی تێدا بێت ئەوە تەنها بڕی ١٢ هەزار دینار وەرئەگیرێت.
دەشڵێت: دوابەدوای ئەوە فۆرمێکی شکاندنی مریشکمان هەیە کە پشکنینی بۆ دەکرێت و تەندروست و شیاوبێت ئەوە دەخرێتە بازاڕەوە و نوسراو بۆ بازگەکان دەکەین، بەڵام ئەگەر شیاو نەبێت ئەوە رادەگیرێت بەگوێری پێویست لە ٣ رۆژ تاوەکو ٧ رۆژ دواتر ئەخرێتە بازاڕەوە.

## ١١. گرفتی ساغ نەکردنەوەی بەرهەم

«گرفتی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانمان هەیە لە هەر شکاندنێکی کێڵگەکانمان، ئەگەر سامانی ئاژەڵ و کشتوکاڵ و ڤێتەرنەری و لایەنەکانی تر بەرهەمەکانی خۆمان لە ناوخۆ ساغ بکەنەوە و رێگە نەدەن مریشکی بەستو بێتە سنورەکە، ئەوکات ئێمەش توشی زیان نابین و تەنانەت نرخی مریشکیش کەمتر دەکەوێت لەسەر هاوڵاتیان». ئیدریس ئەحمەد، خاوەنی پرۆژەی کێڵگەی پەلەوەری توران وای وت.
جەختی لەوەشکردەوە: سەرباری ئەو هەمو خەرجیەی لەسەرمانە، کاتێک نرخ بەرز ئەبێتە ئەوە لە رێگەی ئیدارەی گەرمیان و قایمقامیەتەکانەوە رێگری دەکرێت مریشک بڕوات بۆ خواروی عێراق، لە کاتێکدا ئەوان بتوانن نرخ دیاری بکەن و جێگیربێت بە بەردەوامی، بۆ نمونە هەر کیلۆیەک ١٥٠ دینار بخاتە سەری ئەوە نرخ بەرزونزمی نامێنێت و هەموانیش سودی لێ دەبینن و ئێمەش توشی زیان نابین.
لە بەرامبەردا، هەردی سەرکەوت، بەرپرسی بەشی راگەیاندنی قایمقامیەتی قەزای کەلار، باسی لەوەکرد: لە ساڵانی رابردودا مریشکی تورکی هێنراوەتە سنورەکە، بەڵام لە ئێستادا بە دەگمەن دەبینرێت، ئەمەش بەهۆی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتەوەیە کە بەبەردەوام پشکنین و بەدواداچونیان هەیە.
دەشڵێت: بە تەواوی ئەو رێنماییەمان جێبەجێ کردوە کە بۆ مریشکی بەستو دەرچوە لە سنوری قایمقامیەتمان.

## سێیەم: سامانی ماسی

یەکێک لە سامانەکانی ئاژەڵ لە گەرمیان سامانی ماسییە، بەپێی ئامارێکی بەشی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان ساڵانە ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ تەن ماسی لە گەرمیان بەرهەم دەهێنرێت، لە کۆی ٧ پرۆژەی ماسی لە سنورەکە کە ٣ پرۆژەیان کار ناکات.
ئالەنگاری و کێشەکانی ئەم کەرتەش لە خوارەوە دەخەینەڕو.

## ١. هاوکاری نەکردنی حکومەت بۆ پرۆژەکانی ماسی

لە پێش سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە حکومەت هاوکاری پرۆژەکانی سامانی ماسی کردوە لە سنوری گەرمیان بەتایبەت لە دابینکردنی ئالف بۆیان، بەڵام خاوەن پرۆژەکان جەخت لەوە دەکەنەوە لەم ساڵانەی دوای ئەو هاوکارییانە نەماوە.
ئەرکان بالول، خاوەنی پرۆژەی ماسی هەستی، دەڵێت: هەر پرۆژەیەک تاوەکو دەگاتە بەرهەم، لە روی مادیەوە زۆری تێدەچێت، بەجۆرێک هەمو جۆرە دەرمانێک لە دەرەوە دێت و دەیکڕین ئەمەش بەپێی بەرزی دۆلار زۆرمان لەسەر دەکەوێت، هاوکات پەنجە ماسیەکانیشمان لە حلەوە بۆ دێت بۆ هەر بارێک ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ هەزار دینار تێچوی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنێک ئالف بە ١ ملیۆن بۆ ١ ملیۆن و ٢٥٠ هەزار دینار دەکڕین لە ناوخۆی خۆماندا.
باسی لەوەشکرد: لەگەڵ ئەوەشدا ٣ کارگەی ئالفمان هەیە لە گەرمیان جگە لە ناوچەکانی تری کوردستان.
بە هەمان شێوەی ئەرکان، حسێن حەسەن، خاوەنی پرۆژەی ماسی باڵا هێما بۆ ئەوە دەکات کە پەنجە ماسییەکان لە خواروی عێراقەوە دەهێنن و بەرهەمی دەهێنن.
هاوکات، بەختیار ئەحمەد، بەڕێوبەری بەشی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، وتی: لە ساڵی ٢٠١٩ هاوکارییەکان بۆ پرۆژەکانی ماسی لە سنورەکە راگیراون، کۆتا هاوکاریشمان ئەو ساڵە بوە کە ئالفمان داوە پێیان.

## ٢. کێشەی سەرچاوەی ئاوی حەوزەکانی ماسی

گرفتی سـەرچاوەی ئاوی پرۆژەکانی ماسـی لە گەرمیان یەکێکی ترە لە کێشەکانی خاوەن پرۆژەکان، وەک خۆیان دەڵێن ئاوەڕۆ و زێراب دەڕژێتە ناو ڕوبارەکە و ئەمەش کێشەی بۆ دروست کردون بەتایبەت لە ڕوی تەندروستی ماسیەکانەوە.

ئەرکان بالول، خاوەنی پرۆژەی ماسی هەستی، دەڵێت: یەکێک لەو کێشـانەی ڕوبەڕومان بوەتەوە پیسی ئاوی ڕوباری سیروانە کە بۆ پرۆژەکانمان بەکاری دەهێنین لە قەرەبلاغ و باناسـیاو، بەجۆرێک هەمـو زێرابی کەلار دەهاتە نـاو ڕوبارەکە، دواتر لەگەڵ حکومەت ئەوەمان چارەکرد و لاماندا، بەڵام ئێستا ئەوەی گردەگۆزینە دێتە ناو مەشروعەکە، ئەمەش بوەتە هۆی نەخۆشی.

باسـی لەوەشکرد: بۆ چارەسـەرکردنی ئەم بابەتەش لەهەوڵداین، ئەگەرچی بودجەی پێویسـتە و چارەسەرەکەشـی لای کشتوکاڵی گەرمیـان و ئاودێری گەرمیان و سـامانی ئاژەڵە، خۆشـیان ئەوە دەزانن و دەبێت بە بۆری ئەو ڕێڕەوی ئاوە بگوازرێتەوە.

جەختی لەوەشـکردەوە: ئاودێری گەرمیان ٢ بۆ ٣ سـاڵ جارێک ئەو مەشروعە ئەگەر چاکی بکەن، لەکاتێکدا هەمو ساڵێک خۆمان پاکـی ئەکەینـەوە، بۆیە ئەگەر ئەو گرفتە چارەسـەر بکرێت ئەوا ٥٠٪ـی کێشەکانمان نامێنێت لە ڕوی تەندروستیەوە.

«لەبارەی ئەو گرفتەی کە هەیە و ئاوی زێراب ئەڕژێتە ناو ڕوباری سـیروانەوە و گرفتە بۆ پرۆژەکانی ماسـی لە سنورەکە، ئیدارەی گەرمیان و ئاودێری گەرمیان و شارەوانیشـمان بۆ ئەو مەبەسـتە ئاگادارکردوەتـەوە، کە چارەسـەرێکی سـەرەتایی بکرێت بۆ ئەو بابەتە، بەڵام تاوەکو ئێسـتا ئەو گرفتە چارە نەکراوە«. بەختیار ئەحمەد، بەڕێوبەری بەشی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان وای وت.

لەبەرامبـەردا، موئەیـەد ئەحمـەد، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتـی ئاودێریی گەرمیان، وتی: چارەسەرکردنی ئاوی زێراب کە دەڕژێتە ناو ڕوباری سـیروان لە دەسەڵاتی ئێمەدا نیە و لەلای شارەوانیە، شارەوانیش پلانی ئەوەیان هەیە لە داهاتو یەکەیەکی چارەسەر بۆ قەزای کەلار دابنرێت، ئەمەش بودجەیەکی زۆری پێویستە.

باسـی لەوەشـکرد: ئەو ئاوەشی کە دێتە ناو سیروانەوە هەندێکی دەڕژێتـە نـاو پرۆژەی ئاودێری شـێخلەنگەر، کە زۆنەکانی سـەر ڕوباری سـیروان تـەواو ببێت ئـەوکات چارەسـەرێک بۆ ئەوەش دائەنرێت.

هاوکات، ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، لەبارەی ڕژانی ئاوی زێرابی قەزاکە بۆ ناو ڕوباری سـیروان، وتی: لە پلانماندایە پـرۆژەی یەکـەی چارەسـەری ئاوی قـورس بۆ کـەلار دابنرێت و پرۆژەیەکی ستراتیژی گەورەیە، بەلای ئێمەشەوە زیانێکی گەورەیە ئەو ئاوەڕۆیە دەڕژێتە ناو ڕوباری سیروانەوە.

هێمـای بۆ ئەوەشـکرد: ئـەم بابەتە بەسـتراوەتەوە بـە پرۆژەی زۆنەکانی سـەر ڕوباری سـیروانەوە کە بڕیارە هەر زۆنێک یەکەی چارەسـەری خۆی نەبێت بەتەنیا، بەڵکـو هەمویان لەگەڵ قەزای کەلار یەک یەکەی چارەسـەری گەورەی هەبێت، بۆ بودجەی ئەم پرۆژەیـەش نازانرێت چەنـدی تێدەچێت بـە دیاریکراویی، ڕەنگە نزیکەی ٢٠ ملیۆن دۆلاری تێبچێت.

لەبارەی خاوێنکردنەوەی مەشـروعەکەوە کە سـاڵانە پێویستی بە پاکردنەوەیە و بەپێی وتەی خاوەن پرۆژەکانی ماسی خۆیان پاکی دەکەنـەوە، بەڕێوبـەری ئاودێریـی گەرمیان وتی: ئەو مەشـروعە ٢٤ کیلۆمەتـرە و هـەر پاککردنەوەیەک ٣٠ بـۆ ٤٠ ملیۆن دیناری پێویسـتە، بەهۆی قەیرانی داراییشـەوە نەمانتوانیوە کاری جدی لەسـەر بکەیـن، ئەگەرچی هەمـو پاکردنەوەیەکی قـورس و قوڵ خۆمان کردومانە، شـتە سەرەتاییەکان خاوەن پرۆژەکان دەیکەن بۆ نمونە کە قەوزە دەیگرێت.



## ٣. بڵاوبونەوەی نەخۆشی

بەپێی وتەی خاوەنی پرۆژەکانی ماسی لە گەرمیان، بۆ ماوەی ٢ ساڵە توشی نەخۆشیی ڤایرۆسی بون، ئەمەش بوەتە مایەی زیان بۆیان، هەر یەکێک لە خاوەن پرۆژەکانیش رای جیاوازیان هەیە و حکومەتیش رایەک.

ئەرکان بالول، خاوەنی پرۆژەی ماسی هەستی لە گەرمیان، دەڵێت: بۆماوەی ٢ ساڵە نەخۆشی ڤایرۆسیی توشی ماسیەکانمان دەبێت، کێشە لە ئاوەکەیدا هەیە کە زێراب دەڕژێتە ناو ئەو جۆگە ئاوەی بۆ پرۆژەکەمان دێت، ئەمەش وایکردوە بەرهەممان خراپ بێت، بەجۆرێک ٣٠٪ کەمبوەتەوە، لە کاتێکدا سالآنی پێشتر ٢٥ بۆ ٣٠ تەن بەرهەممان هەبوە.

بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان لیژنەی تایبەتمەندی هەیە بۆ سەردانکردنی پرۆژەکانی ماسی لە گەرمیان کە پشکنینیان بۆ ئەنجام دەدات و بەبەردەوامی سەردان دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا تاقیگەی تایبەتیان هەیە بۆ ئەنجامدانی پشکنین بۆ ئەوەی لە روی تەندروستیەوە پشکنین بۆ ئەو ماسیانە بکرێت ئایا نەخۆشن یان نا.

لەوبارەیەوە، ئەرکان بالول، هێمای بۆ ئەوەکرد: ماسیەکانمان کە توشی ئەم ڤایرۆسەبون، چەند ماسیەکم بردوەتە ڤێتەرنەری بۆ پشکنین، بەڵام مەوادیان نەبوە پشکنینەکە بکەن، بەڵکو پێیان وتوم برۆ لە دەرەوە دەرمان بکرە و بیهێنە بۆ ئەوەی پشکنینەکە ئەنجام بدەین، بۆیە پشکنینی تاقیگەی باشیان نیە.

وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا ٨ ساڵە پرۆژەی ماسیم هەیە بوتڵێک دەرمانم لە ڤێتەرنەری وەرنەگرتوە، ئەمەش بۆخۆی خەمساردیە بەرامبەر بە پرۆژەکانی ماسی لە گەرمیان.

لێپرسراوی بەشی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات: ٢ بۆ ٣ پرۆژەمان هەیە بەهۆی نەخۆشیەوە دایانخستوە و پەنجە ماسییان نەکردوەتە حەوزەکان.

بەپێچەوانەوە خاوەنی یەکێک لە پرۆژەکان باس لەوە دەکات ئەو ڤایرۆسەی کە توشی ماسیەکان دەبن پەیوەندی بە ئاوەوە نیە، بەڵکو بەپەیوەندی بە کەشی ناوچەکەوە هەیە.

حیکمەت محەمەد، خاوەنی پرۆژەی ماسی سێوڵە، وتی: ٢ ساڵە نەخۆشی ڤایرۆسی داویەتی لە پرۆژەکانمان، هۆکارەکەشی بۆ جەوی ناوچەکە دەگەڕێتەوە کە لە مانگی ١٠ بۆ ١٢ شەوان سارده و رۆژ گەرمە لەگەڵ مانگی ٣ بۆ ٥، بۆیە پەیوەندی بە ئاوەوە نیە، چونکە ئەوانەشی کە پشت بە ئاوی بیر ئەبەستن هەمان کێشەیان هەیە.

دەشڵێت: ڤێتەرنەری گەرمیانیش هیچ رێنماییەکان پێنەداوین و بگرە ئێمە لە ئەوان باشتر دەزانین کێشەکە چیە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دەرمانێکیان بۆ دابین نەکردوین و دەرمانێکیشیان نیە و هیچ هاوکارییەکیان نەکردوین.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: لەو ماوەیەی کە توشی ئەو ڤایرۆسە دەبێت ئەگەر ئاڵفەکەی لێ ببڕین باشترە، ئەمساڵیش لە هەمو ساڵەکانی تر خراپتربوین و بە رێژەی لە ٥٠٪ توشی زیان بوین.

ئەو ڤایرۆسە لە ناوچەکە زۆر بڵاوە لە ئێستادا و بەشێکی زۆری خاوەنی پرۆژەکانی ماسی توشی زیان کردوە، یەکەمجاریش لە خواروی عێراق بڵاوبوەتەوە دواتر لە کوردستان و بەتایبەت گەرمیان، هەمو ساڵێکیش زۆربەی حەوزەکان توشیبوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک خاوەن پرۆژەکان باسی لێوەدەکەن، بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان هیچی لەدەست نایات بۆیان بکات.

لە بەرامبەردا، بەختیار ئەحمەد، بەڕێوبەری بەشی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، وتی: ٢ ساڵە پرۆژەکانی ماسی لە گەرمیان توشی نەخۆشی ڤایرۆسی بون، ئەم نەخۆشیەش سەرەتا لە خواروی عێراق بڵاوبویەوە بەهۆی زۆری پرۆژەکانی ماسی لەو سنورانە، بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیاریدا بە هیچ شێوەیەک پەنجە ماسی لە خواروی عێراق بەتایبەت حلەوە نەهێنرێتە هەرێم بۆ ماوەی ٣ ساڵ ئەو بڕیارە کاری پێدەکرا.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: دواتر خاوەن پرۆژەکان خۆیان وایانکرد نەخۆشیەکە بڵاوبێتەوە، ئەویش بەهێنانی پەنجە ماسی بەشێوەی قاچاخ، ئەمەش وایکرد نەخۆشیەکە بڵاوببێتەوە، دواتر وەزارەت بڕیارەکەی راگرت.

باسی لەوەشکرد: ئەم نەخۆشیە ڤایرۆسیە لە هەمو جیهان چارەسەری نیە و ڤاکسینیشی نیە تاوەکو بەکاربهێنرێت بۆیان، بۆیە تاوەکو ئێستا چارەسەر نەکراوە.

لەبارەی بەدواداچونی حکومەت بۆ چاودێریی لایەنی تەندروستی پرۆژەکان، ئارام ئەحمەد سەمین، لێپرسراوی هۆبەی تەندروستی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان، وتی: بەمەبەستی سەردانکردن و پشکنین بۆ پرۆژەکانی ماسی، لیژنەیەکمان هەیە بەناوی لیژنەی بەدواداچون کە مانگانە ٢ بۆ ٣ جار بەگوێرەی توانای خۆمان سەردان دەکەین و دەپرسینەوە ئەم ماسیانە لە کوێوە هاتون و لە کەیەوە هێناویانە.

وتیشی: بەڵام وەک دەرمان و پێداویستی ئەوانەمان نیە و بۆمان دابین نەکردون، لەگەڵ ئەوەشدا لە پلانی ساڵانەی خۆمان داوامان کردوە بۆیان دابین بکرێت، ئەگەریش دابین نەکرێت ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نیە.

لەبارەی ئەو نەخۆشیە ڤایرۆسیەی کە بڵاوبوەتەوە لە نێو پرۆژەکانی ماسی، لێپرسراوی هۆبەی تەندروستی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتی ڤێتەرنەری گەرمیان دەشڵێت: هۆکاری ئەو نەخۆشیە ئەوەیە کە پەنجە ماسیەکان لە خواروی عێراقەوە ئەهێنرێن، کۆنترۆڵکردنی ئەو نەخۆشیەش زەحمەتە و دەرمان و پێکوتەی تایبەت بە خۆی نیە و زیاتر لە ٢ وەرزدا توشیان دەبێت (مانگەکانی ٩ و١٠ لەگەڵ ٣ و٤ ، هاوکات خاوەن پرۆژەکانیش خۆیان بە هەڕەمەکی پرۆژەکانیان بەڕێوەدەبەن.

## ٤. ساغكردنەوەی بەرهەمی ماسی

خاوەنـــی پـــرۆژەكان وەک خۆیـــان دەڵێن گرفتی ســـاغكردنەوەی بەرهەمەكانیان نیە لە ســـنورەكە، بەڵكـــو ئەوەی گرفتە بۆ ئەوان وەرگرتنی مۆڵەتە بۆ ئەوەی بەرهەمەكانیان لە دەرەوەی گەرمیان ساغ بكەنەوە، كە ئەمەش رۆتیناتی زۆری هەیە.
ئـــەركان بالـــول، خاوەنی پـــرۆژەی ماســـی هەســـتی، دەڵێت: بۆ ســـاغكردنەوەی بەرهەمەكەمـــان گرفتمـــان نیە، بەشـــی گەرمیان دەكات و بۆ ســـلێمانی و خواروی عێراقیش دەڕوات، لە بازگەكان هەندێكجـــار گرفتمـــان بـــۆ دروســـت دەبێـــت ئەمـــەش لـــە رێگەی ڤێتەرنەرییەوەیە، چونكە پێویستمان بە رێگەپێدانی ئەوان دەبێت بۆ ئەوەی ماسیەكانمان ببەینە دەرەوەی گەرمیان.
دەشـــڵێت: لەگەڵ ئەوەشـــدا بەشـــێكی پەیوەندی بە خەمســـاردی خۆمانەوەیە كـــە رێگەپێدانەكان ناكەین، چونكە كاتێک پرۆژەكان دەشـــكێنین لیژنەیـــەک دێت بۆ پشـــكنین و دواتر بـــە راپۆرت بۆ ڤێتەرنـــەری دەباتـــەوە كە بەرهەمەكەمان شـــیاوە یـــان نا، دواتر ڤێتەرنەریـــش رێگەپێـــدان دەكات، كـــە دەتوانیـــن بەبـــێ كێشـــە بەرهەمەكەمان ببەینە دەرەوە.
هاوكات، حســـێن حەســـەن، خاوەنی پرۆژەی ماســـی باڵا، هێمای بـــۆ ئەوەكـــرد: راســـتە ئێمە زۆربـــەی ئەركەكان لـــە روی مادیەوە لەســـەر خۆمانـــە و بۆ هـــەر كیلۆیەک زیاتر لە ٣ هـــەزار دینارمان لەسەر دەكەوێت، ئەوەی ئێستا دەمانەوێت رێگری لە بەبازاڕكردنی نەكـــەن، چونكە پێویســـتی بە مۆڵەتە بۆ ئـــەوەی بەرهەمەكەمان ببەینە خواروی عێراق، ئەمەش رۆتیناتی زۆری هەیە لە ڤێتەرنەری و سامانی ئاژەڵ.
وتیشـــی: لە بردنـــی هەر بارێكـــی بەرهەمەكانمان بـــۆ ناوچەكانی دەرەوەی گەرمیـــان هیچ بـــڕە گومركێک وەرناگیرێت لە بازگەكان، بەڵكو ئەوەی هەیە لە رێگەپێدانەكە رێژەیەكمان بۆ دیارییدەكرێت و ئاماژەی پێدەكەن، بۆ نمونە ئەگەر من ٢٠ تەن بەرهەمم هەبێت ئـــەوە بە گوێرەی ئەوە دەتوانم بەرهەم ببەم، بۆیە ئەگەر رێژەكە زیاتـــر بێـــت لەو بڕە ئـــەوە ناتوانین بیبەین، لە هەمـــان كاتدا ئەو رێگەپێدانە سودی هەیە بۆ ئێمە، چونكە رێگر دەبێت لە بەرهەمی دەرەوە.
لـــە بەرامبـــەردا، ئـــارام ئەحمـــەد ســـەمین، لێپرســـراوی هۆبـــەی تەندروســـتی ئاژەڵ لە بەڕێوبەرایەتـــی ڤێتەرنەری گەرمیان، وتی: خاوەنی پرۆژەكان هەندێكیان مۆڵەتی ڤێتەرنەریمان بۆ دەركردون و بەردەوامین بۆ ئەوەكانی دیكەش.
وتیشـــی: كاتێک خـــاوەن پرۆژەكانیش بەرهەمەكانیـــان پێدەگات ســـەردان دەكـــەن و پشـــكنین بۆ ماســـیەكان دەكەین لـــە رێگەی هەڵدڕینی ســـكیانەوە، دوای ئەوە بۆمان دەركەوت تەندروســـتە و شـــیاوە بۆ بەكارهێنان، ئـــەوە رێگەپێدانیان بۆ دەكەین لە رێگەی نوســـراوی فەرمیەوە بۆ بازگەكان كە دەتوانن ماســـیەكانیان ببەنە دەرەوە و ســـاغی بكەنەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا لەبەرامبەر ئەوە هیچ بڕە پارەكیان لێوەرناگیرێت.

## ٥. نەبونی پرۆژەی هەڵهێنەری ماسی لە گەرمیان

لە سنوری گەرمیان پلان هەبوە پرۆژەیەكی تایبەت بە هەڵهێنەری پەنجەماســـی لـــە ســـنورەكەدا بكرێتـــەوە، بـــەڵام تاوەكو ئێســـتا نەكراوەتە.
ئەركان بالول، خاوەنی پرۆژەی ماسی هەستی لە گەرمیان، دەڵێت: زیاتر لە ١٠ ســـاڵ پرۆژەیەكیان هەبو كشـــتوكاڵی گەرمیان ئەویش پـــرۆژەی (هەڵهێنەری پەنجەماســـی) بو، بـــەڵام بە نیوەناچڵی بە جێهێڵرا و تەواو نەكراوە، ئەویش بەهۆی خەرج نەكردنی بودجەوە بۆیان، ئەگەرچی حەوزەكانیشیان دروست كرد.
جەختی لەوەشكردەوە: بەدروستكردنی ئەو پرۆژەیە خەرجییەكی زۆر لەسەر ئێمە لادەچێت و دەتوانین ئەو پەنجە ماسیانەی خۆمان بەرهـــەم بهێنیـــن نەک لە حلـــەوە بیهێنین، بۆیە ئەگەر خۆشـــیان ناتوانـــن دەتوانن بیدەن بە كەرتی تایبـــەت یاخود ئێمە دەتوانین ئـــەو كارەبكەین و بەشـــی هەمـــو گەرمیان بدات و بـــۆ ناوچەكانی تریشی بنێرین.
لـــە وەڵامدا، شـــادیە حســـێن، بەڕێوبـــەری گشـــتی بەڕێوبەرایەتی كشـــتوكاڵی گەرمیان وتـــی: پرۆژەی هەڵهێنەری پەنجەماســـی لە ســـاڵی ٢٠١٣ لەســـەر بودجەی پاڵپشتی كشتوكاڵی كراوە، بە دو قۆناغ كاری تێداكراوە، لەساڵی ٢٠١٤ هەندێک بودجەی دیكەمان بۆ خەرج كردەوە و دواتر كارەكانی وەستا بەهۆی قەیرانی داراییەوە.
دەشڵێت: لە ئێستادا رێژەیەكی زۆری كارەكانی تەواو بوە، ئەوەی ماوەتـــەوە هێنانـــی دایكانە و باوكانەیە كـــە بۆیان بكڕین، لە گەڵ دابینكردنی كرێكار و ستاف بۆ بەڕێوەبردنی.
هێمای بۆ ئەوەشـــكرد: بۆ ئەو مەبەســـتەش نوسراومان ئاراستەی وەزارەت كـــردوە بـــە شـــێوەی هاوبەش لەنێوان كەرتی گشـــتی و تایبەت بەڕێوەببرێت، بەڵام هێشتا وەڵامماں وەرنەگرتوەتەوە.

## بەشی دووەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجامەکان

١. لە گەرمیاندا بەنزیکەی ٦١٠ هەزار سەر ئاژەڵ لە مەڕوبزن و رەشەوڵاخ هەن، ئەمانە زۆربەیان بەشێوەی تاک یان بە هاوبەشێتی چەند کەسێک لە لادێکاندا بەخێودەکرێن و هیچ پرۆژەیەکی کێڵگەی بەرهەمهێنانی ئاژەڵی گۆشت لە سنورەکەدا بونی نییە.
هەرچی پەلەوەرە، ئەوا ١٤٤ پرۆژەی بەرهەمهێنانی گۆشتی پەلەوەر «مریشک» بونیان هەیە، ساڵانە سەروی (٣) ملیۆن مریشک بەرهەمدەهێنن. لە پاڵ ئەمانەشدا چەندین کێڵگەی نافەرمیی بەرهەمهێنانی قەل و قاز و مراوی هەن، بەڵام ئەمانە هیچیان کێڵگەی گەورەی مۆڵەتدار نیین، بەڵکو هەوڵ و کاسبیی تاکەکەسیین و ژمارەی بەرهەمیشیان بە دیارییکراوی نازانرێت.
هەرچی ماسیشە، ئەوا ٧ کێڵگەی ماسی لە سنورەکەدا بونیان هەیە، کە بەرهەمی ساڵانەیان لەنێوان ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ تەنە.

٢. یەکێک لەو کێشە سەرەکیانەی روبەڕوی ئەم کەرتە دەبێتەوە، بونی نەخۆشیی و پەتایە، کەوادەکات زیانی زۆر بدات لەم سامانە. نەخۆشیەکانیش بەشێکیان بە وەرگرتنی ڤاکسین پێشگیرییان لێدەکرێت، بەشێکی دیکەشیان بەهۆی ئەوەی لەناوچەی دیکەوە دێن، چارەسەریان زەحمەتە و زیانی زۆریان دەبێت. ئەو کەسانەیشی لەم بوارەدا کاردەکەن، رەخنەیان لەوە هەیە کە حکومەت لەمڕووەوە هاوکاری ئەوتۆیان نییە و کۆمەکیان ناکات بە دابینکردنی دەرمان و پێداویستی.

٣. ئەم بوارە بەتەواوی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەدەبرێت و حکومەت جگە لە چاودێریی، رۆڵی نییە لە بەرهەمهێنان دا، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لەو کەسانەی لەم بوارەدا کاردەکەن، رەخنەی ئەوەیان لە حکومەت هەیە کە ئاستەنگی زۆریان بۆ دروست دەکات و هاوکاریان نییە، لەبەرامبەریشدا حکومەت ئاماژە بەوەدەکات بەپێی یاسا و رێنماییەکان ئەرکی خۆیان بەجێدێنن.

٤. لەساڵانی پێش قەیرانی داراییدا، حکومەت هاوکاریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پێشکەش بەم کەرتە کردوە، بەڵام لە دوای قەیرانی داراییەوە هەمو هاوکارییەکی گرتوەتەوە.

٥. بەشێک لە بەرهەمەکانی سامانی ئاژەڵ برەویان زۆرە و بەشێکی دیکەشیان گرفتی ساغکردنەوەیان هەیە، بۆنمونە گۆشتی ئاژەڵ و ماسی کەمتر کێشەی ساغبونەوەیان هەیە و خواست لەسەریان بەرزە، بەڵام بە نیسبەت گۆشتی پەلەوەرەوە کێشەی ساغکردنەوەی هەیە.

٦. بەرهەمی سامانی ئاژەڵی سنورەکە، بەتەواویی خواستی ناوچەکە لە پێداویستی گۆشت پڕ دەکاتەوە، نەک هەر ئەمە، بەڵکو بەرهەمەکانیشی بۆ ناوچەکانی دیکەی هەرێم و عیراق دەچێت.

٧. دیاردەی بونی ئاژەڵی قاچاغ لە ناوچەکەدا بونی هەیە، چ بە هێنانی مەڕوماڵات بێت لە وڵاتانی دیکەوە بە قاچاغ، یاخود بونی کێڵگەی پەلەوەری نایاسی و بێمۆڵەت و هێنانی مریشک بە قاچاغ، یاخود هێنانی پەنجەماسیی بۆ کێڵگەکانی ماسی بەبێ رێگەپێدان.

٨. هەندێک پرۆژەی گرنگ و ستراتیژی پەیوەست بەم کەرتەوە کراون، لەنمونەی پرۆژەی هەڵهێنەری جوجک، بەڵام کەم و سنوردارن و داخوازیی ناوچەکە پڕناکەنەوە، جگە لەوەی لە بواری مەڕوماڵات و ماسی دا پرۆژەی گەورە نیە چ بە بونی کێڵگەی مەڕوماڵاتی گەورە یاخود هەڵهێنەری پەنجەماسی.

**دووەم: راسپاردەکان**

- سامانی ئاژەڵ پێکهێنەرێکی سەرەکی ئاسایشی خۆراکە، بۆیە پێویست دەکات لەسەر حکومەت گرنگیی زۆری پێبدات. خۆشبەختانە لە گەرمیاندا ئەم سامانە برەوی هەیە و وایکردوە پێویستی ناوچەکە پڕ بکاتەوە، بەڵام ناوچەکە قابیلیەتی ئەوەی هەیە ئەم کەرتە زیاتر تیایدا پەرە پێبدرێت.
گرنگە حکومەت پلانی گونجاو دابڕێژێت بۆ برەودان بەم کەرتە و هەروەها دانانی نەخشەیەک بۆ فراوانترکردن و زیادکردنی بڕی بەرهەمی سامانی ئاژەڵ.

- جۆراوجۆربونی سەرچاوەکانی ئەم کەرتە زۆر گرنگە، ئەویش بەوەی حکومەت گرنگیی بە هەمو لایەکانی ئەم کەرتە بدات و هەمویان وەکو یەک پێشبخات. هەروەک هەوڵبدات پرۆژەی تەواوکاریی پێویست و گەورە لەناوچەکەدا لەم بوارەدا بونیاد بنێت یان ئاسانکاریی بۆ بونیادنانی بکات.

- پرۆژەکانی سنورەکە لە بواری سامانی ئاژەڵدا تەقلیدیی و کۆنن، گرنگە حکومەت هەوڵی نوێکردنەوە و پێشخستنیان بدات و دەرگا بکاتەوە لەسەر وەبەرهێنان کردن لەم کەرتەدا، ئەویش چ بە بانگهێشتکردنی کۆمپانیا و وەبەرهێنە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەرمایەگوزاریی کردن لەم دەڤەرە، یاخود بە ئامادەکردنی پرۆژەی جیاواز و پێشکەشکردنی بە وەبەرهێنەرە ناوخۆییەکان بۆ ئەنجامدانی.

- لەکاتێکدا حکومەت رۆڵی چاودێرییکار دەبینێت بەسەر ئەم کەرتەوە، بەڵام خۆیشی کێشەی هەیە، بەوەی هێشتا بە تەواویی ناتوانێت چاودێریی بکات، ئەویش بەهۆی کەمی ستافی ئەو دەزگایانەی پەیوەندیدارن بە ئاژەڵەوە. بۆیە گرنگە حکومەت خەمێک لەم بوارە بخوات، بەتایبەتی کە ئاژەڵ بەشێوەیەکی راستەوخۆ گرێدراوە بە تەندروستی گشتییەوە. هەروەک هەوڵی جیدیی بدرێت لە رێگرییکردن لە دیاردەی قاچاغیی ئاژەڵ و بونی پرۆژەی نایاسایی و بێمۆڵەت.

- پێویستە حکومەت بودجەیەکی هەبێت تایبەت بۆ بەهاناوەچونی خاوەن ئاژەڵان لەکاتی روودانی نەخۆشی و پەتا، یاخود بتوانێت ئاسانکاریی بکات بۆ ئاژەڵدار و خاوەن پرۆژەکانی ئاژەڵداری بەپێدانی قەرز پێیان.

- پێشنیاز دەکەین حکومەتی خۆجێی گەرمیان، ساڵانە کۆنفرانس و وۆرکشۆپی تایبەت بە باسکردنی کێشەکانی ئەم بوارە و بەرەوپێشبردنی ئەنجام بدات، هەروەک هانی ئەو رێکخراو و دەزگا نێودەوڵەتی و ناوخۆییانە بدات کە لە بواری پەرەدان بە ئاژەڵ و کشتوکاڵدا کاردەکەن، بۆ ئەوەی چالاکیی جۆراوجۆر لە سنورەکەدا ئەنجام بدەن.

- ئەو ئاستەنگیی و گرفتانەی ئاژەڵدار و خاوەن پرۆژەکان ئاماژەی پێدەکەن، دەبێت حکومەت بەهەند وەریانبگرێت، هەوڵبدات نەیانهێڵێت یان نەبنە بارگرانی بەسەر ئاژەڵدار و کاسبکارانی ئەم بوارەوە.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ەوە**

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزارییەکان.


* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net